# هابیل و قابیل: شێوەی قوربانی کردنەکە

**پەیدابوون ٤**

لە دیراسەتمان لە تەورات، لەپاش ئەوەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، بینیمان کە خودا دەستی کرد بە ڕاگەیاندنی پلانەکەی بۆ هێنانی کەسێك کە نەوەی ئادەم ڕزگار دەکات لە هێزی شەیتان و گوناه و دۆزەخ. هەروەها زانیمان چۆن خودا ئەو جل و بەرگەی ڕەت کردەوە کە ئادەم و حەوا بۆ خۆیان درووستیان کردبوو لەگەڵای هەنجیر. خودا دەیویست فێریان بکات کە گوناهباران بەهیچ شێوەیەك ناتوانن شەرمەزاری خۆیان داپۆشن بەرامبەر بە خودای پارسا کە دەبێت دادوەرییان بکات. تەنها خودا دەتوانێ گوناهباران ڕزگار بکات لە تاوانبارییەکەیان. لەبەر ئەوە، زانیمان چۆن خودا خۆی هەندێك ئاژەڵی کردە قوربانی و جل و بەرگی لە پێستەکەی درووست کرد، و ئادەم و حەوای پێ داپۆشی. خودا یەکەم قوربانی خوێنی ئەنجام دا. هەروەها خوێندمانەوە کە چۆن خودا ڕایگەیاند کە دوو تووخم مرۆڤ دەبێت لەسەر زەوی: ئەوانەی کە ووشەی خودا ڕەت دەکەنەوە، و ئەوانەی بڕوای پێ دەکەن.

لەناو ئەم وانەکە، دەربارەی یەکەم دوو کوڕی ئادەم و حەوا دەخوێنینەوە: قابیل، کە باوەڕ هێنانی بە خودا ڕەت کردەوە، و هابیل، کە باوەڕی بە خودا هێنا. هەر وەك بینیمان، ئادەم و حەوا ئێستا لە دەرەوەی باخچەی عەدەن دەژیین. خودا دەریانی کرد لەبەر لە سنوور دەرچونیان. بەهۆی گوناهەکەیان، چی دی نەیانتوانی لەژێر سایەی بەرەکەتەکانی باخچەی عەدەن بژیین. گوناهەکەیان بووە مایەی تێکدانی پەیوەندییان لەگەڵ خودا. بەڵام، خودا هێشتا ئەوانی خۆش دەویست و ئاگاداریان بوو.

ئێستاش با پێکەوە لە تەورات بخوێنینەوە. لە بەشی چوارەمی سیپارەی پەیدابوون، نووسراوە: ئادەم لەگەڵ حەوای ژنی جووت بوو و ئەویش سکی پڕ بوو، قابیلـی بوو و وتی: (لەلای خوداوەندەوە پیاوێک بووە بەرهەمم.) لە پاش (هابیل)ـی برای بوو. ئینجا هابیل بووە شوانی مێگەل و قابیلیش کاری لەگەڵ زەوی دەکرد. (پەیدابوون ٤: ١، ٢)

ئادەم و حەوا دوو کوڕیان بوو. وەك باوك و دایکیان گوناهبار بوون. گوناهەکەی ئادەم وەك نەخۆشییەکی درم بۆ منداڵەکانی بڵاوبووەوە. قابیل و هابیل بە گوناهباری بەیدابوون و هاتنە جیهانەوە. لەبەر ئەوە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئادەم کوڕێکی بوو لە وێنەی خۆی. (پەیدابوون ٥: ٣) هەر وەك پەندی پێشینان دەڵێت (گیا لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێت.) قابیل و هابیل بە سرووشتێکی گوناهباری لە دایك بوون. هەردوو کوڕەکە لە جەستەدا گەشەیان کرد و زانیاریان زیاتر بوو. قابیل بوو بە جووتیار. کریکارێکی کۆششکەر بوو ولە ئیشی قورس نەدەترسا. هابیلش شوان بوو. هەردووکیان دەربارەی خودایان دەزانی. دەیانزانی کە خودا هەیە و خودا پارسایە و ڕقی لە گوناهە. دەبوایە هەردووکیان بیانزانیایە کە بۆ ئەوەی لە خودا نزیك ببنەوە، پێویست بوو لە ڕێگای قوربانی خوێنەوە بێن کە خودا بۆیانی براندبووەوە.

ڕۆژێکیش هات لە ژیانی قابیل و هابیل کە بڕیاریان دا خودا بپەرستن و قوربانیەك ببەخشن لە پێناوی دا. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرمووێ: (ئینجا ئەوە بوو دوای ماوەیەک قابیل لە بەروبوومی زەوی پێشکەشی خوداوەند کرد. بەڵام هابیل لە نۆبەرەی مێگەلەکەی و لە چەورایییەکەیانی پێشکەش کرد. جا هابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند بوو. بەڵام قابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند نەبوو. جا قابیل زۆر تووڕە بوو و ڕووی خۆی گرژ کرد. (پەیدابوون ٤: ٣–٥)

با وورد بینەوە لەوەی کە ڕوویدا. دوو کەس ویستیان خودا بپەرستن. هەردووکیان قوربانییان بەخشی بۆ خودا. بەڵام نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: جا هابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند بوو. بەڵام قابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند نەبوو. بۆچی خودا قوربانی هابیلی پەسەند کرد و قوربانی قابیلی ڕەت کردەوە؟ چ جیاوازیەك هەبوو لە نێوان هەردوو قوربانیەکە؟

بەڕاستی، قوربانی قابیل و قوربانی هابیل زۆر جیاوازبوون. قابیل سەوزەی جوان و مێوەی خۆشی بۆ خودا هێنابوو. سەبارەت بە هابیلیش، خوێنی بەرخێکی بێ عەیبی بۆ خودا هێنا. خودا لە گوناهی هابیل خۆش بوو، بەڵام لە گوناهی قابیل خۆش نەبوو.

بۆچی خودا لە گوناهی هابیل خۆش بوو کە خوێنی بەرخی هێنابوو و لە گوناهی قابیل خۆش نەبوو کە سەوزە و مێوەی هێنابوو؟ ئایا لەبەر ئەوەبوو کە خودا حەزی لە سەوزە و مێوە نییە؟ نەخێر، لەبەر ئەوە نەبوو! باشە ئەی بۆچی خودا، دادوەری هابیلی کرد وەك ڕاستودرووست، و قابیلی لەناو گوناهەکەی بەجێ هێشت؟ ئەمەیە هۆیەکەی: هابیل ئەو قوربانییەی هێنا کە خودا دەیویست، بەڵام قابیل شتێکی تری هێنابوو. ئەوە چی بوو کە خودا داوای دەکرد بۆ ئەوەی لە گوناهەکانیان خۆش بێت بێ ئەوەی ڕاستودرووستی خۆی لادا؟ پێویستی بە خوێن بوو — ژیانی — ئاژەڵێکی بێ عەیب. هابیل باوەڕی بە خودا هێنا و قوربانی خوێنی هێنا، هەر وەك خودا داوای کردبوو. لەبەر ئەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: بە باوەڕ هابیل قوربانییەکی باشتری لەوەی قابیل پێشکەشی خودا کرد. بە باوەڕ شایەتی بۆ درا کە ڕاستودروستە کاتێ خودا شایەتی بۆ قوربانییەکەی دا. (عیبرانیەکان ١١: ٤) هابیل باوەڕی بە خودا هێنا، بەڵام قابیل باوەڕی بە خودا نەهێنا.

باوەڕ هێنان بە خودا مانای چییە؟ باوەڕ هێنان بە خودا مانای ئەوەیە کە متمانەت بە خودا هەبێ تا ئەو خاڵەی کە بە گوێی ووشەی بکەی. باوەڕ هێنان بە خودا ئەوەیە کە هەرچی خودا بفەرموێ وەك ڕاستی وەریگری. ئەگەر تو بڵێی، (باوەڕم بە خودا هەیە) بەڵام باوەڕت نەبێ بەوەی خودا دیفەرموێ لە نووسراوە پیرۆزەکان، کەواتە تۆ بەڕاستی باوەڕت بە خودا نییە. خودا و ووشەی خودا یەکن. ئەگەر باوەڕت بە خودا هەیە، ئەوا باوەڕ بە ووشەی دێنی و بەگوێی دەکەی. ئەگەر باوەڕ نەهێنی بەوەی کە خودا دەیفەرموێ، مانای ئەوەیە کە تۆ خودی خودا ڕەت دەکەیەوە.

خودا هابیلی قەبوڵ کرد چونکە باوەڕی بە ووشەی هێنا و خوێنی بەرخێکی هێنا، هەروەك خودا ڕایسپاردبوو. خودا قابیلی قەبوڵ نەکرد چونکە ئەو بەڕاستگۆییەوە باوەڕی بە ووشەی خودا نەهێنا. قابیل وای نیشان دەدا کە باوەڕی بە خودا هەیە، بەڵام هەڵسوکەوتی ئەو شتەیان ڕەت دەکردەوە، لەبەر ئەوەی قوربانی خوێنی نەهێنا، هەر وەك خودا ڕایسپاردبوو.

ڕەنگە کەسێك بپرسێ، بۆچی خودا قوربانی ئاژەڵی ڕاسپاردووە؟ بۆچی خودا فەرمویەتی، (لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت.)؟ (عیبرانییەکان ٩: ٢٢) لەبەر ئەمە: یاسا پارساکەی خودا ڕادەگەێنێ کە سزای گوناە مردنە! لەبەر ئەویە کە دەبێت خوێن برێژرێ. خودا نەیفەرمووە، (دەکرێ سزای گوناە بە مێوە و سەوزە بدرێتەوە) هەروەها نەیفەرمووە، (سزای گوناە نوێژ و ڕۆژی گرتن ئیشی چاکە کردنە.) نەخێر! ئەوەی کە خودا لە بێگەردی خۆی فەرموویەتی ئەمەیە: ئەو سزایەی پێویستە بدرێت بۆ گوناە مردنە!

خودا، لە نووسینەکانی پێغەمبەرەکان، پێمان نیشان دەدات کە هەموو کەس، هەموو منداڵێکی ئادەم گوناهی ئەنجام داوە و هەموو گوناهبارێك قەردێکی گەورەی هەیە بەرامبەر بە خودای پارسا. گوناهباران دەبێت بمرن و قەردی گوناهەکانیان بدەنەوە لە دۆزەخ تاهەتا. قەردی گوناە گەلێ گەوریە و ناتوانی بەئەنجامدانی ئیشی چاکە ئەو قەردە لای خودا ڕەش بکەیتەوە. سزای گوناە مردنە و چوونە ناو دۆزەخە، کە لەبەر ئەوەش کردەوەی چاکە هەرگیز ناتوانێ لای بات!

با هەوڵ بدەین ئەمە ڕوون بکەینەوە. با وابزانین کە من پارەیەکی زۆر قەرداری یەکەکم و من دەچمە لای و پێی دەڵێم، (دەزانم کە پەنجا ملیۆن دینارت قەردارم، بەڵام من هیچ پارەم نییە و ناتوانم قەردەکەم بە پارە بدەمەوە، بەڵام پلانێکی ترم هەیە بۆ ئەوەی قەردەکەت بدەمەوە. ئەوەش ئەمەیە: هەموو ڕۆژ ، من بەردەرگای ماڵەکەت پاك دەکەمەوە. بەو شێوەیە ئیشت بۆ دەکەم تاوەکو قەردەکەت هەمووی دەدەمەوە.) خاوەن قەردەکە دەبێت چۆن وەڵامم بداتەوە؟ ڕەنگە تورە بێت، یان پێم پێ بکەنێ، بەڵام ئەوەی گوومانی تێدانەبێت ئەوەیە کە ئەم بیرۆکەیە ڕەت دەکاتەوە! باشە بۆچی خاوەن قەردەکە ئەم پلانەی من ڕەت دەکاتەوە؟ لەبەر ئەوەی مەحاڵە من قەردە زۆر گەورەکەم بدەمەوە بەو کردەوە چاکە لاوازانەم.

بە هەمان شێوە، کەس ناتوانێ قەردی گوناهی بداتەوە بە کردەوەی چاکە. تەنها یەك شت هەیە کە سزای گوناه دەداتەوە — پارە و کردەوەی چاکە نییە — بەڵام مردنە. سزای گوناه مردن و دادگاییە. لە دەرئەنجامدا، خودا نەیدتوانی قەردی گوناهی هابیل و قابیل ڕەش بکاتەوە لەسەر بنەمای ئیشەکانی دەستیان. پلانی خودا بۆ ئەوەی قەردی گوناهیان بسڕێتەوە لە ڕێگای خوێنی قوربانیەك بوو. بێ تاوان دەبێت لە جێگای تاوانبار بمرێت.

لە گوناه خۆش بوون بەگوێرەی پلانی مرۆڤ نییە، بەڵکو بەگوێرەی پلانی خودایە. لەسەر بنەمانی قوربانی جێگر، خودا دەرگایەکی لێ خۆش بوون و ڕزگار بوون بۆ نەوەی ئادەم کردەوە. لە نەوەکانی پێشوودا، خودا ڕایەگەیاندبوو کە هەموو گوناهبارێك دەبێت ئاژەڵێکی بێ عەیب بکات بە قوربانی. ئەو ئاژەڵە بێ گوناهە دەمرێ وەك جێگر بۆ گوناهباران. لەبەر خوێنی قوربانیەکی ئاوا، خودا دەتوانێ ئارام لەسەر نەوەی ئادەم بگرێ و گوناهیان داپۆشێ بۆ ماوەیەك. بەڵام خوێنی ئاژەلان ناکرێ قەردی گوناهی مرۆڤ بسڕێتەوە، لەبەر ئەوەی قیمەتی خوێنی ئاژەڵ هاوتای خوێنی مرۆڤ نییە. لەبەر ئەوە نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە قوربانی ئاژەڵ، تەنها سێبەری شتە باشەکانی داهاتووە، نەک وێنەی تەواوی ڕاستییەکان.... چونکە مەحاڵە خوێنی گا و بزن گوناه لابەرێت.
(عیبرانیەکان ١٠: ١، ٤)

بەم شێوەیە، گرنگترین شت کە لە یادمان بێت دەربارەی قوربانی ئاژەڵ ئەویە کە تەنها وەك نموونەیەك یان هێمایەکە بۆ ئەو ڕزگاری دەرە کە دەهاتە جیهانەوە بۆ ئەوەی قەردی گوناهی نەوەی ئادەم بدات. ئەم ڕزگاری دەرە، کە خودا پەیمانی بە هاتنی دابوو، دەمرێت جارێک لەبەر گوناه ئازار درا، بێ‌تاوان لە پێناوی تاوانباران، تاکو لە خودامان نزیک بکاتەوە. (١ پەترۆس ٣: ١٨) هەر وەك لە ئینجیل نووسراوە: هەموو پێغەمبەران شایەتی بۆ دەدەن کە هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت، بەخشینی گوناهەکانی بە ناوی ئەو دەست دەکەوێت. (کردار ١٠: ٤٣)

بەهەرحاڵ، لە نەوەکانی ڕابردوودا، پلانی خودا بۆ ڕزگاری پێویستی بە قوربانی ئاژەڵ بوو. بەڵام قابیل پلانی خودای پشت گوێ خست. قابیل بە ڕێبازێکی نوێ هاتە پێش، ئاینێك کە خۆی دایهێنا. قابیل یەکەم ئاینی سەختەی درووست کرد. کرداری دەستی خۆی بە خودا پێشکەش کرد. بەروبوومی زراعەتی خۆی کرد بە قوربانی بۆ خودا ، ئەو زەوییەی کە نەعلەتی لێ کراوە کە خوێن لە خۆ ناگرێ. ئایا خودا قوربانی بێ خوێنی ئاوای قەبوڵ کرد؟ نەخێر، خودا قوربانی وای قەبوڵ نەکرد.

سەبارەت بە هابیل، ئەو بەرخێکی بێ عەیبی وەك قوربانی پێشکەش بە خودا کرد و سەری بڕی تاوەکو خوێن بڕژی. لەپاش ئەوە سووتاندی. لەبەر ئەو قوربانییە، ویژدانی هابیل روون بوو بەرامبەر خودا. ئەو لە ناخی خۆی دەیزانی کە شایەنی مردنە، بەڵام بەرخە بێ گوناهەکە لە جێگای ئەو مرد. بەم شێوەیە، هابیل بە باوەڕ شایەتی بەو ڕزگاری دەرەی کە دێتە جیهانەوە بۆ ئەوە لە جێگای گوناهباران بمرێ، و سزای گوناهباران لەخۆ بگرێت.

با چیرۆکی ئەمڕۆمان کورت بکەینەوە بە چەن پرسیارێك. بۆچی خودا قوربانی قابیلی قبوڵ نەکرد؟ لەبەر ئەوە بوو کە قابیل گوناهبارێکی گەورەتر بوو لە هابیل؟ لەبەر ئەوە نەبوو. ئەوان هەردووکیان گوناهبار بوون و هەردووکیان قوربانییان پێشکەش کرد بۆ خودا. قابیل کەسێکی ئاینی بوو لە رووخسار، ڕەنگە بتوانین بڵێین کە قوربانی قابیل زیاتر جێگای ڕێز بوو لە قوربانی هابیل. سەوزە و مێوە زۆر جوانن، بەڵام بەرخێکی سەربڕاو و خوێنەکەی زۆر شتێکی جوان نییە! بەڵام، گوناه لای خودا زۆر گەورەیە و ڕێگای لێ خۆش بوون کە خودا دایمەزراندووە ڕادەگەێنێ کە: لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت. بۆیە، خودا قابیل و قوربانییەکەی ڕەت کردەوە، لەبەر ئەوەی قابیل ڕێزی ڕێگای ڕاست و دروستی خودا بۆ ڕزگاربوون نەگرت.


کەس ناتوانێ بەرەو خودا بێت، مەگەر بە ڕێگای ڕاستودرووستی نەبێت کە خودا دایرێژتووە! ڕێگای خودا تەواو و دیاریکراوە! هەروەك ماتماتیکە. ئەگەر مامۆستایەك لە قوتابخانە لە قوتابیێك بپرسێ، (دوو کۆ دوو دەکا چەن؟) ئەوا تەنها یەك وەڵامی ڕاست

هەیە. دوو کۆ دوو دەکاتە چوار. ئەو قوتابییەی بڵێت سێ هەڵەیە، ئەوشی بڵێ پێنج هەر هەڵەیە. ئەوەی بڵێت چوار و نیو هەر هەڵەیە. دوو کۆ دوو دەکاتە چوار، تەواو! ڕێگای ڕاستودرووست بۆ ڕزگاربوون کە خودا دایمەزراندووە ئاوایە. تەنها یەك خودا هەیە و تەنها یەك ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی گوناهباران بگەڕێنەوە لای خودا، خودای پارسا! ئەویش ڕێگای قوربانی تەواوە.

دەزانی ووشەی خودا چی دەفەرموێ سەبارەت بەو قوربانییە پیرۆزە کە خودا دابینی کردووە بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانت بە یەکجاری بسڕێتەوە؟ دەزانی کە خودا خۆی ڕزگاری دەرێکی مەزنی ناردۆتە خوارەوە بۆ زەوی لە پێناوی ئەوەی لەگوناهەکانت خۆش بێت و ببیە خاوەن دڵێکی پاك بەرامبەر بە خودا؟ لە وانەکانی داهاتوودا، شتی زیاتر فێردەبین سەبارەت بەم ڕزگاری دەرە سەرسوڕهێنەرە. سەبارەت بەو، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: بێجگە لەو ڕزگاربوون نییە، چونکە ناوێکی دیکە لە ژێر ئاسمان‌دا نییە لەناو خەڵک‌دا درابێت، بەوەوە پێویست بکات ڕزگار بین. (کردار ٤: ١٢)

ئەم جارە بێتەوە دیراسەتەکەمان تەواو دەکەین دەربارەی هابیل و قابیل.

خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ کاتێ دەڕواننە یاسا بنچینەییەکەی کە دەفەرموێ: لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت. (عیبرانیەکان ٩: ٢٢)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. بۆچی خودا لە گوناهی هابیل خۆش بوو کە خوێنی بەرخی هێنابوو و لە گوناهی قابیل خۆش نەبوو کە سەوزە و مێوەی هێنابوو؟ ئایا لەبەر ئەوەبوو کە خودا حەزی لە سەوزە و مێوە نییە؟ بۆچی خودا، دادوەری هابیلی کرد وەك ڕاستودرووست، و قابیلی لەناو گوناهەکەی بەجێ هێشت؟ ئەوە چی بوو کە خودا داوای دەکرد بۆ ئەوەی لە گوناهەکانیان خۆش بێت بێ ئەوەی ڕاستودرووستی خۆی لادا؟

٢. باوەڕ هێنان بە خودا مانای چییە؟

٣. بۆچی خودا قوربانی ئاژەڵی ڕاسپاردووە؟ بۆچی خودا فەرمویەتی، (لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت. ؟

٤. ئایا خودا قوربانی بێ خوێنی ئاوای قەبوڵ کرد؟

٥. بۆچی خودا قوربانی قابیلی قبوڵ نەکرد؟ لەبەر ئەوە بوو کە قابیل گوناهبارێکی گەورەتر بوو لە هابیل؟

٦. دەزانی ووشەی خودا چی دەفەرموێ سەبارەت بەو قوربانییە پیرۆزە کە خودا دابینی کردووە بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانت بە یەکجاری بسڕێتەوە؟

٧. دەزانی کە خودا خۆی ڕزگاری دەرێکی مەزنی ناردۆتە خوارەوە بۆ زەوی لە پێناوی ئەوەی لەگوناهەکانت خۆش بێت و ببیە خاوەن دڵێکی پاك بەرامبەر بە خودا؟


**ڕێگای ڕاست و دروستی:**

**وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز**

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org